دیمانە:کارزان کانەیی

## مەحمود نورەدین ناوبژیوانی نێودەوڵەتی پێشوو

# ناوبژیوانە گەنجەکان لە بەڕێوەبردنی خولەکاندا سەرکەوتوون

**مەحمود نورەدین یەکێکە لە ناوبژیوانە هەرە بەتواناکانی کوردستان و عێراق و ئاسیا بووە، ماوەیەکی زۆر خزمەتی وەرزشی کردوە لەسەر ئاستی ئاسیا و عێراق، چەندین یاری نێودەوڵەتی بەڕێوە بردوە وەکو ناوبژیوان، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣ی شاری کەرکووکە، ئێستاش سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانانی کوردستانە، لەنزیکەوە ئەم دیمانەیمان لەگەڵی ئەمجامدا.**

***کاتی خۆی بۆچی کاری ناوبژیوانیت هەڵبژارد؟**

-من کاتی خۆی یاریزان بووم لە یانەی سەورەی شاری کەرکووك، لە تیپە میللییەکان و یانەکانی کەرکووك وهەڵبژاردەی کەرکووکیش یاریم کردووە، دوایش هاتمە سەر کاری ناوبژیوانی و سەرەتا ناوبژیوانی پلە سێ بووم دواتریش لە ساڵی ١٩٨٩گەیشتمە پلەکانی دوو و یەك لە لە ساڵی ١٩٩٤تاکو ٢٠٠٦ناوبژیوانی نێودەوڵەتی بووم، لە ساڵانی ٢٠٠٣بۆ٢٠٠٤ ناوبژیوانی نوخبەی ئاسیایی بووم.

***کاتی خۆی کە تۆ کاری ناوبژیوانیت دەکرد زیاتر بە لایەنگرانی یانەکانی کوردستان تۆمەتبار دەکرای هۆکاری چی بوو ؟**

-چونکە ئێمە سەر بە کەرکووك بووین لەسەر کوردستان هەژمار دەکراین، خۆشتان دەزانن لە کاری ناوبژیوانی لایەنگری بۆهیچ تیپێك نییە ئەم شتانە دوورە لە ڕاستی.

***بۆچی کاری ناوبژیوانیت جێهیشت؟**

-تەمەنم گەورە بوو و بارودۆخی شاری بەغداش باش نەبوو هەرچەندە یەك دوو ساڵیشم مابوو، بەڵام خراپی بارودۆخی بەغدا هۆکاری جێهیشتنم بوو.

***یانەکانی کورستان گلەیی لە ناوبژیوانانی کوردستان دەکەن، هۆکاری چییە ؟**

-بە بۆچوونی من ئەمساڵ و پارساڵیش، زۆربەی ناوبژیوانە گەنجەکان خولەکانی کوردستان بەڕێوە دەبەن، بەڕێوەبردنی کارەکانیان وەکو ناوبژیوان زۆر باش و سەرکەوتوو و بێ کێشەن.

***دەڵێن ناوبژیوانانی کوردستان لە بری خولی کوردستان زیاتر گرنگی بە خولی عێراق دەدەن هۆکاری چییە ؟**

-ناوبژیوانانی ئێمە بە پێچەوانەوە زیاتر گرنگی بە خولی کوردستان دەدەن بۆئەوەی کاریگەری نەبێت. لەسەرخولی عێراقی، خولی کوردستان پێش خولی عێراقی دەست پێ دەکات.

***لەژیانی وەرزشیت هیچ یارییەك هەبوو کە تۆ هۆکاری دۆڕانی تیپێك بیت؟**

-تۆ ناتوانی هەموو بڕیارێك بدەیت، ناوبژیوان هەڵە دەکات بەس هەموو هەڵەیەك بە ئەنقسەت نییە، مرۆڤ هەیە بەقسە کردن هەڵە دەکات.

***دەڵێن لە شاری کەرکووك جەنابت جیاوازی لە نێوان ناوبژیوانانی کەرکووك دەکەیت؟**

- شتی لەم جۆرە بوونی نییە، من ناوبژیوانانی کەرکووکم هەیە، من کەسەرۆکی ناوبژیوانانی کوردستانم جیاوازی لە نێوان هیچ ناوبژیوانێکی شارەکانی کوردستان ناکەم. ئەو کارەناکەم پشتگیری ناوبژیوانی شاری کەرکووك بکەم لەسەر حیسابی هەولێر یان شارێکی تر جیاوازی نییە تۆ لە شوێنیك کاربکەی هەموو ناوبژیوانان لێت ڕازی نابن بە بۆ چوونی من پێشکەوتنی هەرخولێك بە بەهێزی ناوبژیوانان و باشی ئاستی ناوبژیوانان خولەکە پێشدەکەوێت.

***لەکوردستان هیچ ناوبژیوانێك هەیە شایستەی ئەوە بێت بیتە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی ؟**

-ئێستا ئێمە لەکەرکووك نەوزاد ساڵحمان هەیە، هەڵیان بژاردووە بۆ ناوبژیوانی نێو دەوڵەتی، خولی قەتەری زۆربەی ناوبژیوانان کە خولەکە بەرێوە دەبەن، تەمەنیان لە ٢٥ساڵ تێ پەڕ ناکات، ئێمەش ئەمساڵ زیاتر گرنگیمان داوە بە ناوبژیوانانی لاو پشتگیریمان کردوونە، لەعێراق بناغەی ناوبژیوانان نییە، بەڵام لە کوردستان هەیە ساڵێك یان دووساڵی تر زیاتر بناغەی ناوبژیوانی دەبێت، ناوبژیوانانی کوردستان ئاستی زۆر باشە.

***دەڵێن لەکاتی خۆی جەنابت بە واستە بوویتە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی؟**

-ئەگەر من کاتی خۆی واستەم کردبێ، نابمە ناوبژیوانی نوخبەی ئاسیاوی ٥٠ یاری نێودەوڵەتی پاڵاوتنی ئاسیام پێ نادەن چەندین یاری نێودەوڵەتیم بەڕێوە بردووە، ئەگەر یەکێك بیەوێ پێشبکەوێت ئەوکات خەڵکێك قسەی بۆ هەڵدەبەستن.

*** بۆئەوەی ناوبژیوانان پێشبکەون چ هەنگاوێك دەبێ بنرێ؟**

-خولی زیاتریان بۆبکرێتەوە، بیاننێرنە دەرەوە کەمپی مەشقیان بۆبکرێتەوە باشترە.

***دەڵێن لە دانانی ناوبژیوانان ناعەدالەتی هەیە بە تایبەتی بۆگەشتەکانی دەرەوە ئەم جۆرە قسانە تاچەند ڕاستە؟**

-هیچ شتێکی لەم جۆرە نییە ناردنیان بۆ دەرەوە هیچ واستەیەك نەکراوە، هەموو ناوبژیوانانی کوردستان کوڕ و برای ئێمەن ئێمە پیشتگیری ناوبژیوانانی لاو دەکەین، ئەگەر واستەکاری هەبوایەلەکاری ناوبژیوانی ئێستا ناوبژیوانانی ئێمە وا پێشنەدەکەوتن کەمترین هەڵەیان هەیە.

*** ئێستا موچەی ڕێزلێنانی وەرزشوانە دێرینەکان بڕدراوە، بگەڕێتەوە باشترە یان وەك ئێستا بێت؟**

-بگەڕێتەوە کارێکی زۆر باشە چونکە کۆمەڵێك کەس هەیە ماندوو بووە قاچ وپشتی لەسەر یاری و ناوبژیوانی داناوە، پێویستە ئاوڕی لێبدرێتەوە.

**لە عێراق بناغەیەك بۆ ناوبژیوانان نیین**



**دیانا عەدنان کەریم لە دایکبووی شـــاری کەلارە و قوتابی قۆناغی دووەمی کۆلێژی ئاداب بەشـــی کۆمەڵایەتییە و یاریزانی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق-ە لە هاوێشـــتنی ســـاپ و هەڵدانی قورس وهەڵدانی چەکوچ، لە ســـاڵی ٢٠١٠ هاتە نێو یاری گۆڕەپان و مەیدان توانی بەشداری لە پاڵەوانێتی عێراق بکات و ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، ئەمەش بووە هۆکاری بانگهێشـــتکردنی بۆ ریزی هەڵبژاردەی عێراق، ئەم یاریزانە لە ماوەیەکی کورتدا توانی ئاستی خۆی پێشبخات، بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجام بدەین.**

## دیانا عەدنان کەریم:

# کردنەوەی ئۆردوگای مەشق دەبێتە هۆکاری پێشکەوتنی وەرزشی خانمان

*** تا ئێســـتا بەشداری لە چەند پاڵەوانێتی کردووە؟**

- تا ئێستا بەشـــداریم لە چوار پاڵەوانێتی عێراق و کوردستان کردووە، لە ساڵی ٢٠١٠ لەسەر ئاســـتی عێراق لە هاویشتنی ساپ توانیم پلەی دووەم بە دەستبهێنم و لە هەمان پاڵەوانێتیـــدا لە هەڵدانـــی چەکوچ توانیم پلەی سێیەم بە دەستبهێنم دواتر راستەوخۆ بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کرام.

*** چـــۆن دەڕوانییـــە ئاســـتی وەرزش-ی ئافرەتان لە کوردستان؟**

- ئاست و توانای ئافرەتان لە بواری وەرزش لەم چەند ساڵەدا پێشکەوتووە لە کوردستان، بەڵام هێشـــتا پێویســـتی بـــە بایەخدان و پشتگیری هەیە لە هەموو لایەکەوە.

*** چـــی بکرێت بۆ ئەوەی زیاتر وەرزشـــی ئافرەتان پێشبکەوێت؟**

- بە بۆچوونی خۆم کردنەوەی ئۆردوگای مەشـــقی لـــە دەرەوەی کوردســـتان و بەشـــداریکردنی لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە دەبێتە هۆکاری پێشکەوتنی ئاستی وەرزشی ئافرەتـــان لـــە کوردســـتان، چونکە ئەگەر ســـەیر بکەین تا ئێستا هیچ ئۆردوگایەکی مەشقی وەکو پێویست لە دەرەوەی کوردستان نەکراوەتەوە ئەمەش یەکێکە لە کێشـــە هەرە گەورەکانی وەرزشی ئافرەتان.

*** کێ بە ڕکابەری خۆت دەزانی؟**

- بـــە پێـــی پاڵەوانێتییـــەکان رکابەرەکان دەگۆڕدرێـــن واتە ناتوانـــم رکابەری خۆم دەستنیشـــان بکەم، بەڵام گرنکترین شت لە وەرزش متمانەیە هـــەر یاریزانێك متمانەی تـــەواوی بە خـــۆی هەبوو، ئـــەوە هەردەم دەتوانێت سەرکەوتن بە دەستبهێنێت.

*** ئایا چـــۆن دەتوانین لە بواری وەرزش و خوێندن کاتت دابەش بکەیت؟**

- ئەوەی راســـتی بێت، کە قوتابی کۆلێژم و لە هەمان کاتدا یاریزانم ئەمە کێشـــەم بۆ دروست دەکات، بەڵام توانیتم هاوسەنگی لە نێوان هەردووکیان دروست بکەم و رێگەم نەداوە نـــە کۆلێژ کاریگەری لە ئاســـتم بکات و نە وەرزش ببێتە هۆکاری دواکەوتنم لە کۆلێژ، لە هەمان کاتدا مامۆستا و راگرایەتی کۆلێژی ئاداب بەشـــی کۆمەڵایەتی زۆر هاوکاریم دەکـــەن و یارمەتی زۆرم دەدەن کە لەلایەن خۆمەوە سوپاســـیان دەکـــەم و هەروەها سوپاسی بەشـــە ناوخۆیی (١٨) شوبات دەکەم، کە ئەوانیش هەردەم پاڵپشتم بووینە و یارمەتیان داوم.

*** وەکو کچە وەرزشـــوانێك هیچ کێشەت لە ماڵەوە بۆ دروست بووە؟**

- نەخێر هیچ کێشـــەم بۆ دروســـت نەبووە، بـــە پێچەوانەوە باوکم هـــەردەم هانم دەدات و پشتگیریم دەکات و داوام لێدەکات، کە ئاستم بەرزبکەمەوە و بایەخ بە مەشـــقەکانی خۆم بدەم و لە پاڵەوانێتییەکان متمانـــەم بـــە خـــۆم هەبێـــت بۆ ئـــەوەی بتوانـــم ئەنجـــام بە دەستبهێنیم، ئەمەش پا ڵپشـــتییە کی گەورەیە بۆم.

لـــە کۆتاییـــدا زۆر سوپاســـی راهێنەرەکـــەم مامۆستا رێبوار محیەدین دەکەم، کـــە هـــەردەم پاڵپشـــتی لـــە یاریزانـــەکان دەکات و هیـــوادارام بتوانـــم لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە ئاســـتێکی بەرز و ئەنجامی باش بە دەستبهێنم بۆ ئەوەی ناوی وڵاتەکەم کوردســـتان بەرزبکەمەوە.



**ئافرەتان بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانیان پێویستیان بە پشتگیری هەیە**

# ستیڤن جیرارد: هیوادارم لیڤەرپول لە چوار یانە گەورەکە بێت

یاریزان و کاپتنی یانەی لیڤەرپول ستیڤن جیرارد هیوای ئەوەی خواست یانەکەی لە چوارگۆشـــەی زێڕینی خولی ئینگلتەرا بێت لە کۆتایی ئەم وەرزە بە تایبەتی کە ٦ یانە ململانێ لە ســـەر ریزبەندی چوار یانە گەورەکە دەکەن کە بریتین لە یانەکانی مان یونایتد و مان سیتی و چێلسی و ئەرسنال و تۆتنهام و لیڤەرپول.

جیـــرارد لە لێدوانێکیدا گوتی : هیوادارم لە کۆتایی ئەم وەرزە یانەی لیڤەرپول لە چوار یانە گەورەکەی ریزبەندی خولی ئینگلتەرا بێـــت، بە تایبەتـــی دوای هاتنی کۆمەڵێك یاریزانی لێهاتوو و بەتوانا بۆ ریزی یانەکەمان. هەروەها جیـــرارد لەدرێـــژەی لێدوانەکەی گوتی : لە بەرامبەر مـــان یونایتد توانا و هێزی خۆمان نیشاندا، بەڵام بەداخەوە بەخت یاوەرمان نەبوو، چەند هەلێکمان لەدەســـتدا و یارییەکـــە بـــە بەرامبەربـــوون کۆتایی هات.





# کلۆزە بە هیوای بەشداریکردنە لە مۆندیالی ٢٠١٤

هێرشبەری ئەڵمانی بەناوبانگ میرۆسلاڤ کلۆزە هیوای ئەوەی خواست لە یاریکردن لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بەردەوام بێت تا کۆتایی یارییەکانی مۆندیالی بەرازیل ٢٠١٤ دواتر بەیەکجاری واز لە یاریکردن دەهێنێت، کلۆزە لە لێدوانیکدا بۆ گۆڤاری کیکەری ئەڵمانی گوتی: ئەگەر کارەکان بە باشـــی بڕوات ئەوە تا ســـاڵی ٢٠١٤ لەگەڵ یانـــەی لازیۆ یاری دەکەم دواتر بەشـــداری لە مۆندیالی بەرازیل دەکەم و لەدواییدا هەموو شـــتێك کۆتایی دێت، هەموو ئەوانەی من دەناســـن دەزانن من شەیدای مۆندیالم.

کلۆزە خاوەن مێژوویەکی پڕشـــنگدارە لە هەڵبـــژاردەی ئەڵمانیا، لـــە ١١٢ یاری بەشداریکردووە و ٦٨ گۆڵی تۆمارکردووە لـــە دووری ٦ گـــۆڵ لـــە گۆڵکەری مێژوویی ئەڵمانیا گێرد مۆلەر کە خاوەن ٦٨ گۆڵە، لـــە مۆندیالیش کلۆزە خاوەن ١٤ گۆڵە بە جیاوازی یەك گۆڵ لەگەڵ رۆنالدۆی بەرازیلی خاوەن ١٥ گۆڵ کە گۆڵکەری مێژوویی مۆندیالە.

# ریال مەدرید مۆرینه

میگێل باردیسا بەڕێوەبەری وەرزشی لە یانەی ریال مەدریـــد بیرۆکەی ئـــەوەی رەتکردەوە کە یانەکەی رازی بێت بـــە پێدانی راهێنەری یانە جۆزێ مۆرینهۆ بە هەڵبـــژاردەی پورتوگال بە شێوەی خواستن بەمەبەستی سەرپەریشتیکردنی هەڵبژاردەی پورتوگال لە یارییەکانی پاشکۆی یۆرۆی ٢٠١٢ لە بەرامبەر هەڵبژاردەی بۆسنیا لـــە رۆژانـــی ١١ و ١٥ ی تشـــرینی دووەمی داهاتوو، باردیسا هەواڵەکانی رۆیشتنی مۆرینهۆ بۆ پورتوگال بە پڕوپاگەندە وەســـفکرد، لەلایەن خۆیەوە مۆرینهۆ لە لێدوانێکدا دووپاتیکردەوە کە ئەم هەواڵە درۆیەکی گەورەیە و ئەو ناتوانێت ئەم



# ئاشلی کۆل یانەی چێلسی جێ ناهێڵێت

یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا ئاشـــلی کـــۆل بەرگریـــکاری یانەی چێلســـی ئـــەو راپۆرتانەی رەتکـــردەوە کە باس لە رۆیشتنی دەکەن لە وەرزی گواستنەوەی زستانەدا بۆ یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی و دووپاتیکردەوە کـــە بەنیازە تا کۆتایی ژیانـــی وەرزشـــی لەگەڵ یانـــەی بلوز بەردەوام بێت.

ئاشلی کۆل بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند : لـــە حاڵی حازردا هیـــچ گفتوگۆیەك لە نێوان مـــن و هیچ یانەیەکی دیکە لە ئارادا نییە، من لەگەڵ یانەی چێلســـی زۆر خۆشـــحاڵم و نیازی رۆیشتنم نییە و ئێمە هەموومان بەهیوای بەدەســـتهێنانی نازناوەکانین لە ژێر سەرپەرشتی راهێنەر ئەندرێ ڤیلاس بواس.

کۆل هەروەهـــا گوتی: مـــن دەتوانم بە راشکاوانە پێتان بڵێم کە دەمەوێ لەشاری لەندەن ژیان بەسەر بەرم و لە یانەی چێلسی کۆتایی بە ژیانی وەرزشیم بهێنم.



## ـــــــۆ ناداتە پورتوگال



ئەرکە وەربگرێت.
لە هەمان کاتدا یانەی ریال مەدرید پاڵپشــــتی خۆی بۆ یاریزان کریستیانۆ رۆنالدۆ راگەیاند لە یارییەکانی پاشــکۆی پاڵاوتنی یۆرۆی ٢٠١٢ بە مەبەســتی گەیاندنی هەڵبژاردەی پورتوگال بۆ یۆرۆی ٢٠١٢ لە هەردوو وڵاتــی پۆڵەندا و ئۆکرانیا.

## جیرارد پیکێ لە یاری ژمارە ١٥٠ تووشی پێکان هات

جیــرارد پیکــێ یاریزانی یانەی بەرشــلۆنە و هەڵبژاردەی ئیســپانیا لــە یاری یانەکەی بەرامبەر یانەی رایســینگ سانتادێر یاری ژمارە ١٥٠ لەگەڵ بەرشلۆنە ئەنجامدا، بەڵام بۆ ماوەی ٨ خولەك بەشــداریکرد و تووشی پێکان هات و بۆ ماوەی ١٥ رۆژ لە یاریگاکان دوور دەکەوێتــەوە، پیکــێ یەکــەم یاری لە تیپەکەی گواردیۆلا لە بەرامبەر یانەی ڤیسلا کراکۆفی پۆڵەندی بوو لــە خولی یانەکانی ئەوروپا لــە رۆژی ٢٠٠٨/٨/١٣، لەو کاتەوە تا یاری رایســینگ ١٥٠ یاری ئەنجامداوە، ٩٠ یــاری لە لیگا و ١٤ یــاری لە جامی ئیســپانیا و ٣٧ یاری لە چامپیۆنز لیگ و ٥ یاری لە ســوپەری ئیســپانیا و یەك یاری لە ســوپەری ئەوروپا و دوو یاری لە جامی جیهانــی یانەکان . بیکێ بە درێــی یانەی بەرشــلۆنە ١١ گۆڵــی تۆمارکــردووە، لەوانــە ٦ گــۆڵ لە لیــگا و ٤ گــۆڵ لــە چامپۆنز لیگ، بەناوبانگترین گۆڵەکانیشــی لە ریال مەدرید بوو لــە یاریگای ســانتیاگۆ بەرنابیۆ لە ســاڵی ٢٠٠٩ کــە بەرشلۆنە یارییەکەی بردەوە بە ئەنجامی (٦ – ٢ ) گۆڵ
.



## چیچاریتۆ: خولی ئیسپانیا لە نێوان دوو یانەیە



خافیر هێرناندیز هێرشــبەری لاوی یانەی مانچســتەر یونایتد ناسراو بە چیچاریتۆ پێی وایە کە خولی ئینگلتەرا بە هێزترین خولە لەســەر ئاســتی جیهان، چیچاریتۆ رازی نەبوو هیچ بەراوردێك لە نێوان هەردوو خولی ئیسپانیا و ئینگلتەرا بکات چونکە خولــی ئینگلتەرای لەلای بەهێزترین خولی جیهانە ســەرەڕای بوونی دوو یانەی زەبەلاحی وەك ریال مەدرید و بەرشلۆنە لە ئیسپانیا، چیچاریتۆ کە بۆندەکەی بۆ ماوەی ٥ ســاڵ لەگەڵ یانەی مان یونایتد تازە کردەوە گوتی : بێگومان خولی ئیســپانیا زۆر بەهێزی تێدایە وەك ریال و بەرشلۆنە و ڤالنسیا و ڤیاریال، بەڵام خولی ئینگلتەرا بەهێزترە چونکە پاڵەوانی خولەکە لە دوا سات بەدیار دەکەوێت کەچی لە لالیگای ئیســپانیا نازناوەکە لە نێوان دوو یانەیە بەرشلۆنە یان ریال مەدرید.

## رافاییل بینیتیز:
## یۆڤانتس پاڵێوراوە بۆ سکۆدیتۆ



راهێنەری بەناوبانگی ئیسپانی رافاییل بینیتیز راهێنەری پێشووتری یانەی ئینتەر میلانی ئیتالی پێی وایە یانەی یۆڤانتس بەهێزترین پالێوراوە بۆ بەدەستهێنانی نازناوی ئەم وەرزەی خولی ئیتالیا، بینیتیــز لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی یۆرۆ ســپۆرت گوتی: تا ئێســتا یانە گەورەکانی وەك ئەی ســی میلان و ئینتەر میلان ئەو ئاســتەیان پێشکەش نەکردووە کە نزیکیان بکاتەوە لە نازنــاوی خولی ئیتالیا . هەروەهــا بینیتیز گوتی : یانەی یۆڤانتس ئاســتێکی باش لە یارییەکاندا پێشــکەش دەکات و خۆی وەك پاڵێوراوێکی بەتوانا بۆ ســکۆدیتۆی ئەم وەرزە دەناســێنێت، ئەوەش بە یارمەتــی راهێنــەری تازەوەیە کە ئەنتۆنیۆ کۆنتی شــارەزای یانەی یۆڤانتسە چونکە کوڕی یانەیە.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

ڕێبین ڕەمزی

# سەرژمێرێکی تایبەت سەبارەت بە بەشداریکردنی یانەی هەولێر لە جامی یەکێتی ئاسیا

دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو بەفەرمی خەونی گەیشتنی یانەی هەولێر بۆ یاری کۆتایی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا لە ژێر دەستی یانەی کوەیت کوەیتی پوچەڵ کرایەوە دوای ئەوەی لە یاری چوون بە ئەنجامی دوو گۆڵ یارییەکی دۆڕاند و لە یاری هاتن بە ئەنجامی سێ گۆڵ بۆ هەردوو لا یەکسان بوون، بە پێویستمان زانی سەرژمێرێکی تایبەت بە بەشداریکردنی یانەی هەولێر لەم پاڵەوانێتییە ئامادە بکەین.

یانەی هەولێر لە جامی یەکێتی ئاسیا لە کۆمەڵەی پێنجەم شانبەشانی یانەکانی (عەهدی لوبنانی، کەرامە-ی سوری، عروبە-ی عومانی) یاریکرد، لەم کۆمەڵەیە یانەی هەولێر توانی بە پلەی یەکەم سەرکەوێت بۆ قۆناغی هەشت دوای ئەوەی توانی چوار یاریدا سەرکەوتن بە دەستبهێنێت لەگەڵ یانەکانی عەهدی لوبنانی (٢-١)، (٦-٢) گۆڵ و کەرامەی سوری (٣-٠) گۆڵ و عروبەی عومانی (٥-٠)گۆڵ و لە دوو یاری یەکسانبوو لەگەڵ یانەکانی کەرامەی سووری (١-١) گۆڵ و یانەی عروبەی عومانی (٠-٠) گۆڵ، لەم کۆمەڵەیە ١٤ خاڵی کۆکردەوە.

لە قۆناغی ١٦ یانەی هەولێر میوانداری یانەی تامبینس ڕۆڤرزی سەنگافوری کرد لەم یارییە یانەی هەولێر توانی بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ سەرکەوتن بە دەسبهێنێت و سەرکەوێت بۆ قۆناغی هەشت، لەم قۆناغە یانەی هەولێر ڕووبەڕووی یانەی پرسیبۆرا جایابۆرای ئەندنووسی بووە توانی لە دوو یاریدا سەرکەوتن بە دەستبهێنێت و بە ئەنجامی (٢-١)، (١-٠) گۆڵ بباتەوە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆی سەرکەوێت بۆ چوار گۆشەی زێڕینی ئەم پاڵەوانێتییە. لە چوار گۆشەی زێڕین یانەی هەولێر ڕووبەڕووی یانەی کوەیت کوەیتی بووە لە یاری یەکەم بە ئەنجامی (٠-٢) گۆڵ یارییەکی دۆڕاند و لە یارییە دووەم بە ئەنجامی (٣-٣) گۆڵ یەکسانبوون.

**یەك دۆڕان بووە هۆکاری دەرچوونی هەولێر لە جامی یەکێتی ئاسیا**

یانەی هەولێر لە جامی یەکێتی ئاسیا ٢٠١١، ١١ یاری ئەنجامدا و توانی ٧ سەرکەوتن بە دەستبهێنێت و لە ٣ یاری یەکسانبوو و تەنیا لە یەك یاری تووشی دۆڕان هات، ئەم دۆڕانە بووە هۆکاری ماڵئاوایی کردن لەم پاڵەوانێتییە، لەم ١١ یارییە سێ سەرکەوتنی لە نێو یاریگەی خۆی تۆمار کرد و چوار سەرکەوتنی لە دەرەوەی یاریگەی خۆی تۆمار کرد و لە یەك یاری لە نێو یاریگەی خۆی تووشی دۆڕان هات و دوو یاری لە نێو یاریگەی خۆی یەکسانبوو و یەك یاری لە دەرەوەی یاریگەی خۆی یەکسانبوو.

**موسلم موبارەك گۆڵکاری یانەکە بوو لەم پاڵەوانێتیە**

یانەی هەولێر لەم پاڵەوانێتیە ٢٤ گۆڵی تۆمار کردووە و ١٢ یاریزان توانیان ئەم گۆڵانە لەگەڵ یانەی هەولێر تۆمار بکەن، بەڵام یاریزان موسلم موبارك بووە گۆڵکاری یانەی هەولێر لەم پاڵەوانێتیە دوای ئەوەی توانی ٥ گۆڵ لە ١١ یاری تۆماربکات و لە پلەی پێنجەم گۆڵکارانی پاڵەوانێتییەکە هات و یاریزان مستەفا ئەحمەد لە پلەی دووەمی گۆڵکارانی یانەی هەولێر دێت بە تۆمار کردنی چوار گۆڵ و یاریزانان مەهدی کەریم و لوئەی سەڵاح و یونس شکور لە پلەی سێیەم دێن بە تۆمارکردنی دوو گۆڵ و حەفت یاریزان، تەنیا یەك گۆڵیان لەم پاڵەوانێتییە تۆمار کردووە ئەویش هەریەکە لە (شوان مامۆ، نەبیل سەباح، ئەحمەد ئیبراهیم، ئەمجەد ڕازی، عەلی خزیەر، سەعد عەبدولئەمیر، هەڵگورد مەلا محەمەد).

**لە بەرانبەردا یانەی هەولێر لەم پاڵەوانێتییەدا لە ١١ یاری ٩ گۆڵی لێ تۆمار کرا و تەنیا بەرانبەر یانەی کوەیت ٥ گۆڵی لێ تۆمار کرا.**

یانەی هەولێر گەورەترین بردنەوەی بەرانبەر یانەی عەهدی لوبنانی بوو، کاتێك توانی بە ئەنجامی (٦-٢) گۆڵ یارییەکەی لە نێو یاریگەی خۆی بباتەوە و گەورەترین دۆڕاندنی یانەی هەولێر بەرانبەر یانەی کوەیت بوو لە نێو یاریگەی خۆی بە ئەنجامی (٠-٢) گۆڵ دۆڕا، یانەی هەولێر توانی لە دوو یاری (٨) گۆڵ لە عەهدی لوبنانی تۆمار بکات لە بەرانبەردا یانەی کوەیت کوەیتی لە دوو یاری (٥) گۆڵی لە یانەی هەولێر تۆمار کرد.

یەکەم گۆڵی یانەی هەولێرلە جامی یەکێتی ئاسیا یاریزان لۆئەی سەڵاح تۆماری کرد دژی یانەی عەهدی لوبنانی و دوایین گۆڵ یانەی هەولێر لەم پاڵەوانێتییە تۆماری کرد لە ڕێگەی یاریزان مەهدی کەریم بوو دژی یانەی کوەیت کوەیتی.



## کەلو پەلی وەرزشی بەسەر قوتابخانەکان دابەشکرا

لــە هۆڵی ئامادەیی ئاریای کچان وەکو پرۆگرامی ســاڵانەی خۆی بەشی وەرزشی و دیدەوانی سەرە بەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی خەبات بە ئامادەبوونی مامۆســتا بەکر کەریم بەڕێوەبەری پەروەردە و چەندین سەرپەرشتیارانی وەرزشی وپسپۆری و ژمارەیەکی زۆری مامۆستایانی وەرزشی ســنووری پەروەردەکە کە،مەبەست لە دابین کردنی ئەم کەلو پەلانەش بەشی چالاکی و وەرزشی وەکو خۆئامادەکردنێك و دروستکردنی یاریزان بۆخولەکانی پەروەردەکان هەڵســا بە دابەش کردنی کەلو پەلی وەرزشــی بەسەر تەواوی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکانی سنووری قەزای خەبات ودەوروبەری، بەڕێوەبەری پەروەردە بەر لە دەستپێکردنی مەراســیمی دابەشکردنەکە وتەیەکی پێشــکەش کردو باسی گرنگی مامۆســتایانی وەرزشــی کرد لە قوتابخانەکاندا کــە دەبێت رۆڵێکی کارا بگێڕن لە ئامادەکردنی یاریزانی قوتابی بۆ خولە وەرزشــییەکانی جۆراو جۆری نێو قوتابخانەکان ولەســەر ئاستی پەروەردەکانیش دەبێت مامۆســتایان بتوانــن لە مــاوەی کارکردنیان باشــترین پێکهاتە لە قوتابخانەکان پێکبهێنن، پشتگیری خۆشی دووپات کردوە کە هەمیشە ئامادەیە لە خزمەتی وانەی وەرزش و بواری پەروەردە بێت لە گشــت قوتابخانەکاندا.





## ئارارات نازناوی تایکواندۆی یانەکانی هەولێری بردەوە

لەشــاری هەولێر و لە هۆڵی یانەی ئافرەتانــی هەولێر بۆماوەی یەك رۆژ لقی هەولێری یەکێتی ناوەندی عێراقی، بەمەبەستی ئەنجامدانی پاڵەوانێتی بۆیانەکانی تایکواندۆی یانەکانی هەولێر هەڵسا بە ئەنجامدانی پاڵەوانێتی تایکوانــدۆی یانەکانی شــاری هەولێر کەهەریەك لە یانەکانی (بروســك، ئارارات، شەقلاوە، خەبات، سناعە، پێشمەرگەی هەولێر، جیهان، برایەتی، نیشتمان، سۆران، قەڵا ) بەشدارییان کردبوو،لە ململانێیەکانی پاڵەوانێتییەکە، مەبەســت لە ئەنجامدانی ئــەو پاڵەوانێتییــەش خۆئامادەکردنی تیپەکانی شــاری هەولێر بوو بۆهەردوو پاڵەوانێتی تایکواندۆی یانەکانی کوردستان و عێراق کەوا بڕیارە لە مانگی داهاتوو یارییەکانی ئەنجام بدرێت، یاریزانانی بەشداربووی پاڵەوانێتییەکەش توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و ببنە جێگای ســەرنجی ئامادەبووانی ئەو یارییە ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوە بوو .

١-ئارارات ٢-پیشەسازی ٣-بروسك

لەکۆتایشــدا لەلایــەن ئامادەبووان خەڵات ودیاری بەســەر یاریزان و تیپە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.

## قۆناغی دووەمی پاڵەوانییەتی پایسکلسواری کوردستان لە دهۆک بەڕێوەچوو

لە شــاری دهۆك لەســەر ریگای دهۆك- شێخان لــە ژێرچاودێری لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردســتان و بەسەرپەرشــتی یەکێتی ناوەندی پاســکیل سواری کوردســتان، کێبڕکێکانــی قۆناغــی دووەمــی پاڵەوانییەتی پایسکلســواری یانەکانی کوردستان، بەبەشداری ١٤یانەی شارەکانی کوردستان لەهەردوو ئاســتی کوڕان وکچان بەڕێوەچــوو، یانەکانی بەشداربوو بۆماوەی ٣رۆژململانێیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی پاڵەوانی قۆناغــی دووەم، یاریزانانــی بەشــداربووش توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

پێشبڕکێی تیپ-پێچەوانەی کات کراوەی کچان

١-نەورۆز ٢-برایەتی

پێشــبڕکێ

تیپ-پێچەوانەی کات –پێشکەوتووان-کوڕان

١-هەولێر ٢-سۆلاڤ ٣-کۆیە

پێشبڕکێ تیپ-پێچەوانەی کات-لاوان کوڕان

١-هەولێر ٢-برایەتی ٣-سۆلاڤ

پێشــبڕکێی تیپ-پێچەوانــەی کات-بــۆ تازەپێگەیشتووان-کوڕان

١-برایەتی ٢-نەورۆز ٣-هەولێر

